# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

**ژمارە (٢٢١) یەکشەممە ١٤-١٢-٢٠٠٨**


## قەرزەکانی سەر عێراق بە ئاو دەگۆڕدرێنەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردووە کە ئەندامانی پەرلەمانی کوێت کاتێک ڕێگە دەدەن کە قەرزەکانی سەر عێراق بسرێتەوە، کە ئەگەر حکەمەتی بەغداد ئاویان پێبدات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادەبێ کە ئاوی پاک لە ڕێگەی ئەهوارەوە بۆ کوێت بنێرێ، ئەوە پڕۆژەیەکی تایبەت دەست پێدەکرێ و ڕەزامەندی حکومەتی تورکیاش وەردەگیرێ، چونکە سەرچاوەی ئاوی دیجلەو فورات لە تورکیادان، ئەگەر حکومەتی تورکیا بەشە ئاوی پێویست بە عێراق نەدات، ئەویش ناتوانێ بەشی کوێت بدات.


ل 3 جۆرج بووش دان بە شکست دەنێ





ل 4 بۆچوونی ڕۆشنبیران سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی ئەمنی





ل 6 ڕادیۆی دەنگی کوردان لە ئازەربایجان و چەند پێشنارێک!



ل 7 گەڕان بە دوای ڕاستی پەیمانی سێ سنوور دا




# هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەرەو دژایەتیکردنی کورد دەڕۆن

سەرچاوەیەک لە شاری موسڵ بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە بەشێک لە هێزە عیراقیەکان هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ دژایەتی کردنی خواستەکانی گەلی کوردستان چڕدەکەنەوە، ئەوە دەرفەتە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان دەکار دەکەن و دەیانەوێ لە ڕێگەی دروشمەکانیانەوە ڕاستەوخۆ دژایەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەش وای لە عەرەبەکان کردووە کە ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە دەنگداندا پێشان بدەن.

سەرچاوەکە پێیوابوو کە باسکردنی گۆڕینی دەستوورو ڕەت کردنەوەی فیدراڵی دوو دروشمی فریودەرانەن کە هەندێک لە پاڵێوراوەکان بەمەبەستی دژایەتیکردنی خواستەکانی گەلی کوردستان باسیان لێوە دەکەن.

هەر لەسەروبەندی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، وائیل عەبدول لەتیف ئەندامی پەرلەمانی عێراق گوتویەتی کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان خەڵکی عێراقی سەبارەت بە فیدراڵی ترساندووە، ئەم لێدوانەی پەرلەمانتارە عێراقیەکە خەڵکی کوردستان و لیستی هاوپەیمانی نیگەران کردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە جەخت کردنەوەی نوری مالکی لەسەر گۆڕینی دەستووری عێراق لەلایەن کوردستانیانەوە بە بادانەوە پێوانە دەکرێ، بەتایبەتیش کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا زەق دەکرێتەوە. هەر لەو پێوەندەدا وتەبێژێک لە حزبی ڕزگاریی کوردستان ڕایگەیاند کە هەندێک لە هێزە عەرەبیەکان دەیانەوێ لەسەر حسابی مافی کوردستانیاندا خۆیان ڕێکبخەنەوەو سەرکەوتن بە دەست بهێنن، بەڵام لە ئاکامدا بە زیانی خۆیان تەواو دەبێ.

## کۆنسولی تورکیا دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەردەدات

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بە دەست ڕۆژی گەل گەیشتوون، حەسەن عەونی کۆنسولی تورکیا لە موسڵ ڕاشکاوانە دەست لە کاروباری ناوخۆ وەردەدات، بۆنەو جەژنەکان بۆ ئەو مەبەستە دەقۆزێتەوە و لەگەڵ نوێنەری لایەنەکان و کەسانی دیکە کۆدەبێتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان لەڕۆژانی جەژنی قورباندا هەڵمەتی دابەشکردنی گۆشت و دیاری بەناوی هاوکاری تورک بۆ عێراقیەکان بەسەر ١٠ هەزار خیزاندا دابەش کردووە و مەبەستیشی ئەوە بووە لەو ڕێگەیەوە خێزانە هەژارەکان بەرەو مەیلداری تورکیا ڕابکێشێ. هەر بەو بۆنەیەشەوە ئاهەنگێکی تایبەتی ڕێکخستوە و ژمارەیەکی زۆر



تورکمانی شارەکانی کوردستانی بانگهێشت کردوە، لە وتەیەکدا سڵاوی حکومەت و گەلی تورکی بە ئامادەبوان گەیاندوەو پێیڕاگەیاندوون کە حکومەتتی تورک پشتیوانیان لێدەکات، هەروەها داوای لێکردوون کە دەبێ تورکمانەکان زۆر بە چڕی بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن و دەنگی خۆیان و لایەنگرانیان بە کار بهێنن!!

بەڵام بەهۆی باران بارینەوە ئاهەنگەکە وەک پێویست تەواو نەکراوەو ئەو بڕگانەی بۆی داندرابوون پێشکەش نەکراون.

جێگەی ئاماژەیە کە تورکیا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەست لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەردەدات.

بەگوێرەی زانیاریەکان حەسەن عەونی ماوەیەک لەمەوبەر دیدارێکی تایبەتی بۆ ژمارەیەک لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەو نوێنەری لایەنە تورکمانیەکان ڕێکخستبوو، لەوێ ڕاسپێردراون کە جەخت لەسەر دابەشکردنی دەستەڵات لە کەرکوک بکەنەوە، بۆ ئەوە کار بکەن تا ڕێژەی ٣٢% بۆ تورکمان و عەرەب و کورد و ٤% بۆ ئاشوریەکان بچەسپێ، چونکە بەوهۆیەوە کەرکوک لە دەست کورد دەردەچێ و ڕادەستی تورکمانەکان دەکرێ.

جێگەی ئاماژەی لەوەتەی کۆنسولخانەی تورکیا لە شاری موسڵ ئاوەدان کراوەتەوە، کارو چالاکیەکانی دەست پێکردووە، بەردەوام بۆ دەستەمۆکردنی خەڵک تێکۆشاوە، هانی خەڵکی داوە تا سەردانی تورکیا بکەن و ئاسانکاری بۆ کردوون، بەو هۆیەشەوە توانیویەتی ڕۆڵێکی گەورە ببینێ و لایەنگریی بۆ تورکیا پەیدا بکات.

## سارکۆزی هەفتەیەکی تەڵخ بەڕێ دەکات

نیکۆلای ساکۆزی سەرکۆماری فەرەنسا لە هەڵسوکەوتی کۆمپانیایێکی تورک نیگەرانە کە وێنەی ڕووتی هاوسەرەکەی وەکو ڕیکلام بەکار هێناوە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، کۆمپانیایێکی تورک بۆ ڕەوج دان بە کالاکانی سوودی لە وێنەیەکی ڕووتی کارلا برونی هاوسەری سەرۆکی فەرەنسا وەرگرتووە، ئەمەش بەواتای سوکایەتی پێکردن لێکدەدرێتەوە، بۆیە پارێزەری کارلا برۆنی بە نیازە داوایێکی یاسایی لە دژی ئەو کۆمپانیایە تۆمار بکات، چونکە بە بێ پرسی کارلا ئەو وێنەی بەکارهێناوە کە ١٥ ساڵ لەمەوبەر گیراوە. ئەمەش لەکاتێدا بووە کە کارلا برۆنی وەک گۆرانی بێژو مۆدێلیست کاری کردووە، واتە پێوەندی بە سیاسەتەوە نەبووە.

جێگەی ئاماژەیە کە نیکۆلای سارکۆزی هەفتەی ڕابردووی بەنیگەرانی بەڕێکرد، لەلایەکەوە هەڵسوکەتی ڕەشیدە داتی وەزیری داد کە بەبێ هۆ کۆبونەوەیەکی جێهێشت بوو تا لە تەنیش ژوورەکەی سەرۆکدا لەگەڵ مۆناکۆ ئەلبێرت نان بخوات. هەروەها ڕەفتارێکی ڕاما یادی وەزیری مافی مرۆڤ کە لە خۆڕاوە قەڵسی کردبوو ، لە لایەکی دیکەوە ڕیکلامەکەی کۆمپانیا تورکەکە هەراسانی کردبوو، لەو پێوەندەدا، وا چاوەڕوان دەکرێ کە لە نزیک ترین دەرفەتدا هەردوو وەزیرەکەی بگۆڕێ، بەڵام بۆ ڕێگرتن لە کۆمپانیا تورکە ناچارە چاوەڕوانی بڕیاری دادگە بکات.

## داوای هەڵوەشاندنەوەی ئاسایشی کەرکوک دەکرێ!

سەرۆکی فراکسیۆنی عەرەبی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ڕایگەیاندووە کە ئەوان داوای هەڵوەشاندنەوەی ئاسایشی کەرکوک دەکەن کە هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی لە دوای ڕووخانی سەدام دروستیان کردووە.

حسێن عەلی سالح بە ئەسواتی عێراقی ڕاگەیاندووە کە ئەوان لەگەڵ ئەوەدان کە دابەشکردنی دەستەڵات بە ڕێژەی ٣٢% بۆ عەرەب و کوردو تورکمان و ٤% بۆ ئکلدۆئاشوری جێبگیرێ و یاسای ٢٤ جێبەجێ بکرێ.

سەرۆکی فراکسیۆنی عەرەبی، بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی شاری کەرکوکی بە پشێلکار تۆمەتبار کردووەو خواستویەتی کە هەڵبوەشێندرێتەوەو ناوچە عەرەبیەکانیش نۆژەن بکرێنەوەو میزانیەی تایبەتیان بۆ دابین بکرێ.

## ڕۆژەڤ

قوڵبوونەوەی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەولێرو بەغداد هەروەک چاوەڕوان دەکرا، شێوازێکی تایبەتی لەخۆگرتووە، هەرێمی کوردستان بە فەرمی وەڵامی مالکی داوەتەوە، ئەمەش ڕێک لەو کاتەدایە کە ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان ئەمریکاو عێراق دەنگی ئەرێی لە پەرلەمانی عێراق وەرگرتووە، بەوهۆیەوە ناکرێ سەرپێیانە لێیان بڕوانین و بە کەم بایەخەوە سەیریان بکەین.

ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان بەغدادو واشنتن وەک هەندێک بە سەرکەوتن و هەندێکی دیکە بە شکست و هەندێکی دیکەش بە مامناوەندی دادەنێن، بە ڕێژەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی ئەمریکا دایە، بەڵام دیسانیشەوە ناکرێ وەک دژایەتی بۆ عێراق لێکبدرێتەوە، کەچی وێڕای هەموو ئەوانەشەوە ئەو ڕێککەوتنە دوای مشتومڕێکی زۆر وەبەرهەم هاتووە، هەردوولایەنی ڕازی کردووەو هەردووکیشیان بە سەرکەوتنی خۆیانی لە قەڵەم دەدەن. کەواتە ڕێککەوتنەکە خێری هەردوو لایەنی بەغدادو واشنتنی تێدایەو پێگەی هەردوولایەنیش بەهێز دەکات، لەوانەیە ئەو بەهێزبوونەش وای لە حکومەتی بەغداد کردبێ کە زیاتر دەنگ هەڵبڕێ و خۆی بە کوێخای تەکانە بچوێنێ.

پێداگرتنەوەی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق لەسەر نایاسایی بوونی بۆندەکانی نەوتی حکومەتی هەرێم، سوربوونی مالکی لەسەر پێکهێنانی ١٣ فەوجی ئیسناد لە سنووری پارێزگای دیالە، هەوڵدان بۆ بەتەسک کردنەوەی دەستەڵاتی سەرکۆمارو تێکۆشان بۆ گۆڕینی دەستوور، دوای ڕێککەوتنی ئەمنی چڕتر کراونەتەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو پێنج لیژنەیەی کە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەو گرفتەکانی نێوان هەولێرو بەغداد پێکهێنرابوون، ناکام و ناچالاکن و ئومێدی ئەوەشیان لێناکرێ کە پشتیان پێ ببەسترێ، ئەی کەواتە لەکام ڕوانگەیەوە کوردستانیان چاوەڕوانی داهاتوویێکی گەش و پرشنگدار بکەن؟! لە ساڵی ٢٠٠٩ چ میکانیزمێک پێڕۆ دەکرێ؟!

خوێندنەوەی ئەو هاوکێشانە لەبەردەم ئەگەرێکی سەخت ڕامان دەگرێ، لێمان دەخوازێ کە بوێرانە چاو بە ڕابردوو بخشێنینەوەو بە ڕێککەوتنەکانمان دابچینەوە، ئامانجەکانمان هەورازتر ببەین، ئەمەش ئەو بۆچوونە سەر ڕاست دەکاتەوە کە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەولێرو بەغداد جیابوونەوەی باشووری کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە ڕەواترین ئەلتەرناتیڤ و بە تاکە ڕێگەی چارەسەر دەزانێ، بەوهۆیەوە دەبێ دانوستاندنی لەسەر بکرێ.

## سەربازێکی ئەمریکی، دەخوازێ داوای بووردن لە عێراق بکرێ

سەربازێکی ئەمریکی کە لە شەڕی عێراق ڕایکردووەو پەنای بۆ ئەڵمانیا بردووە، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کردووە کە سەربازانی ئەمریکی لە خۆڕاوە خەڵکی سڤیلی عێراقیان کوشتووەو سوکایەتیان پێکردوون، بەڵام دەبێ ئەو کەسانە سزا بدرێن کە بەرپرسیارێتیان هەیەو دەستەڵاتیان لە دەستە، بەتایبەتیش جۆرج دەبلیو بووش.

ئەندریە شیفارد، کە لە خزمەتی سەربازی ڕایکردووەو لە ئەڵمانیا داوای پەنابەری کردووە، هیواخوازە کە باراک ئۆباما کۆتایی بە شەڕ بهێنێ و تەنگ بە جۆر بووشیش هەڵبچنێ، هەروەها دەبێ داوای بووردن لە عێراقیەکان بکات، چونکە ئەمریکا زۆری لێکوشتوون.





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com